# مانەوەو جیابوونەوە

## خوێندنەوەیەك بۆ گوتاری سیاسی كوردی

**جەمال پیرە**

jamalp@hotmail.com



ئەگەر واقیعیبوون لە لێدوانی سیاسیدا كۆڵەگەیەكی راستەقینەو رێڕەوو دیدگایەكی سەركەوتوو بێ، ئەگەر لە دنیای ئەمڕۆی سیاسەتدا دیفاكتۆو بیركردنەوە لە ئاراكان سەرچاوەی ئیلهامی گوتاری سیاسی بن ئەوا پێشبینیكردن‌و ئایندەبینیش لەپاڵ چەمكی دیفاكتۆدا هەڵگری بەهاو نرخی زاقیعییانەی خۆیەتی، بەوەی كە ئایندەبینی راستەوخۆ سروشێكە بۆ بەردەوامی‌و بە زیندوو مانەوەی هەناسەی سیاسی، سیاسەتێك گەر لەبەككاتدا هەرسیٚ پۆینتە زەمەنییەكەی رابردوو، ئێستا، داهاتوو نەكا بە پێوەرو بنەمای داڕشتنی گوتارەكانی هەم نانەوەی كەشێكی بێئاگایی‌و هەمیش بێمانایی بەخشینە بە ریشاڵی بونیادەكەی خۆی، لەبەر ئەوەی سروشتی سیاسەت‌و ماناو مەغزاو پێكهاتە بونیادییەكانی چەمكە سیاسەت لە كورتترین پێناسەی خۆیدا وەك دیاردەیەكی كۆمەڵایەتی خۆی لەنێو ئاریشەكانی گۆڕان، نوێبوونەوە، چەقنەبەستن‌و زێندوێتیدا دەبینێتەوە بۆیە بەردەوام پێویستی بە كاراكتەری خۆگونجێنەر یاخود گۆڕانی زوو بەزوویی كاراكتەرەكانی هەیە، بەمەش سیحری حەتمییەتی بوونی كاریزما بەتاڵدەبێتەوە یان دەتوانین سیفەتە بەخشراوەكان بە كاریزما تەسلیم بە نەفەسی زیندوو و گونجاوی سیاسەت بكەین، هەڵبەتە ئەم تێڕوانینەم لە دیدگایەكی گشتییەوەیە نەك تایبەتكردن لە دۆزو قەیرانێكی دیاریكراو.

لێرەوە مەبەستمە بە كورتی هەڵسەنگاندنێكی خێراییانەی گوتاری سیاسی ئەمڕۆی سەركردایەتی سیاسی كوردی بخەمەڕوو بەوەی كە لەگەڵ خۆیاندا چەند ماناو مەغزاو رەهەندی جیا هەڵدەگرن‌و دەكریٚ لەچەند دیدگایەكەوە هەم لێكبدرێنەوە هەمیش بخرێنە بەرباس، لێرەشەوە راستەوخۆ وەك گوتارێك سەیر بكرێن كە شایانی رەخنەو خوێندنەوەی جیاوازن، وێڕای ئەوەی لەدوای خۆیاندا بەوپێیەی كە بەنێوتونێلەكانی وردبینی‌و لێكۆڵینەوەی ستراتیژییەوە تێنەپەڕیون، جۆرێك لە نائومێدی بەهەندیٚ لە چاودێران بەگشتی‌و كەسانێكی ئاگادار بەخشیوە، ئەمەو ئەگەر قسە لەسەر پەرتەوازەیی بۆچونەكان لەناو نوخبەی سیاسی كوردیدا نەكەین، مەرج نییە بەتەنها رەچاوكردنی ئەتەكێتەكانی دەربڕین‌و دركاندنی بەشێك لە ئاگاییە سیاسییەكان پێوەری دڵنیاكەرو قایلكەر بوون، ئەوەی لە دوای روخانی حكومەتی بەعسەوە بە گوتاری سیاسی كوردەوە بەدیدەكرێت بەشێكی گەورەی بەتەنها نواندن‌و لێدوانی بەردەم كامیراكان بوون بەو مانایەی كە لەودیو

دەربڕینەکاندا چاودێرو راوێژکاری وردبین وەك پێویست ئاگاداری نین، دیارە لەمەشەوە دەتوانین دوو گریمانە بخەینەڕوو یا ئەوەتا کاراکتەرە سەرەکییەکانی سەرکردایەتی سیاسی لە بنەڕەتەوە باوەڕیان بە بوونی راوێژکار نییە یاخود راوێژکارە لەئاراکان توانای بینینو بیرکردنەوەیان کەمە ! !، لە راستیدا دەکرێ لەپاڵ ستایشی هەوڵەکانی یەکگرتنەوەو رێککەوتنە ستراتیژییەکانی گوتاری سەرکردایەتی کورد رەخنەش لە ناڕێکی یەکگرتووییەکەو نازانستیبوونو بێئاگاییە زەقەکانیش بگرین.

ئەوەتا لەسەر کێشەیەکی گەورەی وەك کەرکوك لە پاڵ یەکگوتارییە راگەیەنراوەکەدا ناوە ناوە هەڵوێشتو دەربڕینی بەتەنهای بەردەم کامێراکان دەبینین بێئەوەی حسابێکی وردی کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی ئایندەی پەیوەندییە ئیقلیمیو نێودەوڵەتییەکانمان بکەین، بێئەوەی هێندە پارەدارو خۆژیێنەر بین کە حسابمان بۆ ئەگەرەکانی کاردانەوەی دەوروبەر کردبێت، ئەگەر فرێدانی رستەی وروژێنەر لەجەوهەردا هەڵێنجراوی رابردووێکی تاڵو مەینەتو رەوابەتی دۆزێکی راستەقینە بێتو بەشێك بێت لە خواستی شەرعیو مافو بنەما سەرەکییەکانی گەلی ستەملێکراو ئەوا مەرج نییە لە رووکەشدا میکانیزمی راستەقینەی خواستو ویستە شەرعیو رەواکان بن، بۆ سەلماندنی ئەم راستییانەش خراپی گوزەرانی خەڵکی کوردستانو بەرزبوونەوەی نرخی سوتەمەنیو کەلوپەلو پێدانیستییە رۆژانەییەکان باشترینو زیندووترین بەڵگەی بەردەستن، لەراستیدا لەنێو گوتاری سیاسی کوردیدا راشکاوانە گەمەیەکی سەراسیمە لەبەکارهێنانی هەردوو دوالیزمی مانەوەو جیابوونەوە بەدیدەکرێت، ئەگەرچی دوو چەمکن پێویستە بەردەوام لە هزرو خەیاڵدا بن بەڵام پرسیاری گەورە چۆنیەتی بەکارهێنانو خستنەڕوویانە، لە نێوان پێداگری راشکاوانەو یاساییانەی مانەوەو فرێدانو خستنەڕووی جاربەجارەی پرسی جیابوونەوە گەمەیەکی لاواز بەدیدەکرێت، راڕاییو یەکلانەبوونەوەیەکی بیرکردنەوەو تێڕامانی پێوەدیارە، بەو پێیەی کە هەمان کاراکتەر لەئانو ساتی جیاجیادا یاریکەری سەرەکیو راگەیەنەری ئاراستە سیاسیەکانە، لەکاتێکدا هەر یەکە لەم دوو چەمکە بە جیا دوو فەزای یەکجار جیاواز لەدوای خۆیاندا وێنا دەکەن، دەکرێ ئەم جیاوازییانەی هەردوولا لەسەر هەردوو ئاستی ناوەخۆو دەرەوە بناسرێن، لەسەر ئاستی ناوەخۆدا کە ئاشکرایە ویستی جەماوەری خۆی لە جیابوونەوەدا دەبینێتەوە، ریفراندۆمیش بەڵگەی زیندووی ئەم مەسەلەیەیە، لەکاتێکدا گوتاری سەپێنراو لەسەر ئەم ئاستەدا بەبیانووی واقیعیبوونی سیاسیانەوە وەك کە پێشبینیدەکرا پێداگرتن بوو لەسەر رای دژە جەماوەر کە مانەوە بوو، لەسەر ئاستی دەرەوەشدا یان بابڵێین ئاستی ئیقلیمیو نێودەوڵەتیدا کە رێك پێچەوانەی ئاستی یەکەم خۆی نیشاندەدات بەوەی کە خواستی زۆرینەی کەسێتیە یاساییە نێودەوڵەتییەکان ویستو ئامانجی دیاریکراوی مانەوەیان لاپەسند بوو، لەولاشەوە هەندێجار فرێدانو خستنەڕووی جیابوونەوە بەدەمامکێکی ترەوە بەدیدەکرا، بێگومان شرۆڤەکردنی ئەم گەمەیە دەتوانرێت لەلایەك بە بێئاگاییو ناشارەزایی لەگەمەی نوێی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا وەسف بکرێت لەلایەکی تریش هۆکارەکە بۆ بەرژەوەندیو پەرتەوازەییو ناتەبایی نوخبەو کاراکتەرە سیاسیەکان بگەڕێنینەوە، لەنێوان بەرژەوەندی نوخبەی سیاسیو هەڵبژاردنی رێڕەوی راستەقینەی ئاراستەو بیرکردنەوەی سیاسیدا کە لەراستیدا

بڕیاری چارەنوسسازی میللەتێکی پێوە بەندە، هەوڵێکی لێنەبڕلوانە بەدیدەکرێت، ڕەنگە هەوڵەکە زۆرجار ئەوەندەی مەبەستییەتی ئەولەوییەت بە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی نوخبە بدات ئەوەندە مەبەستی ستراتیژیاو چارەنوسی میللەتێك نەبێت، بێگومان ئەم بۆچونو وێناکردنە لە سیاقی گوتاری باوی سەرکردایەتی سیاسیەوە بەدیدەکرێت، خوێندنەوەیەکی هەڵێنجراوە بۆ سیاقی گوتاری لەئارا، ئەمە لەلایەك لەلایەکی ترەوە جۆرێك لە مردوویی بە گوتارەکەوە دەبینرێت کە لەماوەیەکی زەمەنی زۆردا توانای خۆنوێکردنەوەو گۆڕانی نییە، مروڤ بەزەحمەت دەتوانێت جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوان رستەوگوتاری 15 ساڵ بەر لە ئەمڕۆو ئێستای نوخبەی سیاسی کوردی بکات، لەکاتێکدا لەم 15 ساڵەدا گۆڕانکاری گەورەی مێژووی بەسەر رایەڵەو بیرکردنەوەی سیاسی جیهانیدا هاتووەو چەندین تێزو تەوەری ئەکادیمی، ستراتیژی سیاسی وروژاونو هاتوونەتە بەرباس، نەگۆڕان یا دەستکارینەکردنی گوتاری سیاسی چەندە پەیوەندەی بە نەڕەخسانی هەلی لەبارو دەرفەتی گومجاوی نێودەوڵەتیو ئیقلیمییەوە هەبووە ئەوەندەش پەیوەندی بە سستیو لاوازی نوخبەی سیاسیو جورئەتو لێهاتوییان لەبەرەنگاربوونەوەی تەوژمە سیاسیەکانەوە هەبووە.

هەڵبەتە ئەم مەسەلەیە بەقەد گەورەییو پڕ بایەخی خۆیەوە پێویستی بە لێکدانەوەو هەڵوەستەکردنی زیاتر هەبە، ئاسان نییە لەتەنها وتار یا لێکۆلینەوەیەکدا سەرجەم دیوەکان هەڵگێڕو وەرگێڕ بکەین، وەك ئەوە ناشکرێ لەئاستیدا بێدەنگ بین.

دەکرێ دەرخستنو شروڤەکردنی دیوە شاراوەکانی گوتاری سیاسی کورد لەبەرژەوەندی زەمینەی سیاسی ئەمڕۆی کورددابێ، یۆ ئەوەی هەروا بەئاسانی یەسەر ئەم رستەیەدا تێنەپەڕین راستەوخۆ دێین ئەگەرەکانی پشتەوەی بەردەوامی گوتاری باو دەخەینەڕوو کە ڕەنگە بەشێکی گەورەی پەیوەندییەکی راستەوخۆیانەی بە چارەنوسی کێشەی کوردەوە هەبێت، لە راستیدا مەبەستمە گومان وەك هەستێکی شیاو لەبەرامبەر هەرچی هەنگاوی سیاسییەوە هەیە بەزیندوو رابگرین، بەو پێیەی کە نەبوونی گومان لەسەر بیرکردنەوەکان راستەوخۆ واتای نەبوونی رۆحیەتێکی زیندووی گوتارەکانە، بە هەر پێوەرو دەستنیشانکردنێکی ترەوە بێت ئەوەی رەوایەتی دەداتە واتاکان لەشێکی گەورەی پەیوەندی بە بەردەوامێتی گومانکردنەوە هەیە.

یەکێ لەو مەسەلانەی گەر بەچاوێکی گومانەوە لێی بڕوانین لەئارادابوونی دوو ئەرکی هاوکاتو لەیەکجیایە لە ئەستۆی نوخبەی سیاسی کوردەوە، دوو تەوەر لەیەککاتدا بابەتی بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی سیاسیە کە دەبوو هەرگیز تێکەڵ بەکتر نەکرێن ئەوانیش مەسەلە هەلپەسێردراوەکانی بەیەکەوەژیانو یەکئیدارەیی حکومەتی هەرێمی کوردیتانو بەڕێوەبردنی گوتاری سیاسیی لەسەر ئاستی نەتەوەییو نێودەوڵەتی کە خۆی لە دەسەڵاتی حکومەتی مەرکەزییەوە دەبینێتەوە، ڕەنگدانەوەی ناتەباییەکانی ناوەخۆ بەسەر نوخبەی هەڵبژێردراوی سیاسی لەدەرەوەی هەرێمی کوردستان بەواتای گوتاری سیاسی کورد لەسەر ئاستی عێراقو نێودەوڵەتیدا جگە لەوەی لە ئێستادا مانای شکستو لاوازی بەدواداێت بۆنی ئایندەیەکی مەترسیداریشی لێدێت، مەسەلەکەش وا ونو بچوك نییە هەروا بە ئاسانی تێپەڕێت، لەبەر ئەوەی قەبارەی قوڵی کێشەکانی ناوەخۆ گەورەیەو تا ئێستاش وەك دەبوو برینەکان سارێژ نین، ناکرێ ئاسەوارەکانی بۆ دەرەوە بپەڕنەوە، شاری کەرکوكو دوو ڕەنگی کورد

له مەیدانی ململانێی نەتەوەکانی تردا باشترین بەڵگەی زەرەرمەندبوونی دواجاری کوردە، بەردەوامی ئیحساسی دوو رەنگییەکەی جاران لەمەیدانی کێشەکانی کورد–عەرەب–تورکمان واتا درەنگ گەیشتن یا نەگەیشتن بەو ئامانجو مەبەستانەی کە کاری بۆ دەکەین، دیارە دەمەوێ مەسەلەکە روونتر بکەمەوە بەوەی کە بە هیچ شێوەیەك مەبەستی من دژایەتیکردنی جیاوازی نییە ئەگەر کەسانێك بەهەڵە وەها لێکیبدەنەوە، چونکە من پێموایە لەنێوان جیاوازی لە ویستی بەرژەوەندیو حیزبیو کەسییەکانو بەرژەوەندی نەتەوەدا جیاوازییەکی گەورە هەیە.

فرەڕەنگی کوتلەی کوردی زۆر بوونی ئیجابیاتە بەرچاوەکانی لە ئاست کۆمەڵێك پرسی چارەنوسسازدا بەو نەمەتو شێوازەی خۆی هەناسە ساردمان دەکات، رەنگبێ بۆ دەسەلاتی سیاسی کورد نوێیەتی ئەزمونێکی لەم شێوەیە یەکێ بێ لە هۆکارەکانی ناتۆکمەییبوونی، کە تێکەڵبوونی ئیرادە لەئاراکانو ناجێگیریی هەڵوێستی زۆرینە بەدوای خۆیدا دێنێ، لە کوردستاندا کە رێوشوێنەکانی ویستی جەماوەر بە نێو هۆڵەکانی پەرلەمانەوە تێپەڕدەبێت، واتای گواستنەوەی بەئەمانەتەوەی ئیرادەی گەل ناگەیەنێ چونکە هەمیشە پەیوەندییەکی رۆحی لە نێوان ئیرادەی گەلو نوخبەی هەڵبژێردراو نەبووە, ئەمەش کێشەیەکە خۆی لەخۆیدا قسەی زۆرتر هەڵدەگرێ ، دابڕانی ئەم پەیوەندییە لەلایەكو شەرعییەتی هەڵبژێردراوان بۆ ناوەندی دەرکردنی بڕیار لەلایەکی تر وێڕای وێنابوونی ئالۆزییەکی نالەبار ئەگەری مەترسیداری بەدواوەیەو ئومێدبڕبوونی ئایندەمان بۆ دەنێتەوە، مرۆڤ سەۆی سوڕدەمێنێ کاتێ لەسەر هەموو خاڵەکانی گفتوگۆی ناو پەرلەمان گوێبیستی وشەی تێکڕای دەنگ دەبین! ! چەپڵەو بڕیارەکانی پەرلەمانو پەسندکردنو رەتکردنەوەی تێکڕایی چ ئومێدێك بە ئایندەی ژیانی دیموکراسیمان دەبەخشێ؟! لێرەدا لێکدانەوەی قوڵتۆ بۆ خوێنەران جێدێڵم، بێگومانیشم کە کۆمەڵێك تەوەری هەستیارتر هەن من لێرەدا وەکو پێویست هەستم پێنەکردوونو نەموروژاندوون....